## "با ئیتر هەڵبژاردنەکانی کوردستان بە پێی یاساو لەکاتی خۆیاندا ئە نجام بدرێن"

**بۆ بەڕێزان/**

**-سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**-گشت فراکسیۆنەکانی پەرلەمان**

**-سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**-گشت لایەنە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان**

**-کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و را پرسی**

**-نوێنەرایەتی و کونسوڵخانەکانی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان**

**-نوێنەرایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان**

بەڕێزان : ئەرکی هەموولایەکە بە پەلە کاتی هەڵبژاردن دیاری بکەن، و ئەم بێدەنگی و دەستی دەستی کردنەی لایەنەکان بەرامبەر یاسا دەیکەن رای بگرن:

**یەکەم: لە رووی یاساییەوە:**

1–بەپێی بڕگەی (1) لە مادده یەکەمی یاسای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر دامەزراوە دەستوریەکانی هەرێم، و پیادەکردنی بڕگەی (2) لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە دەبێت، کاتی هەڵبژاردن دیارییبکرێت .[1]

2–بەگوێرەی یاسای درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمان ژمارە (1)ی ساڵی 2017 تەمەنی پەرلەمان، درێژکراوەتەوە لە 2017/11/6 بۆ 2018/11/6 و تەمەنی پەرلەمان کەمتر لە هەشت مانگی ماوە.[2]

3—بەگوێرەیی یاسا دەبێت بەر لە 2018/9/6 هەڵبژاردن ئەنجام بدرێت.

**دووەم: کۆمسیۆن و تۆماری دەنگدەران:**

بە گوێرەی پەیرەوی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن (180) رۆژ پێویستە بۆ خۆئامادەکردن و ئەنجامدانی هەڵبژاردن، لە لایەکی ترەوە تا ئێستا تۆمارێکی دەنگدەرانی پاك نیەو هەموولایەك داوای پاك کردنەوەی دەکەن، تەنانەت لە لای هەندێك لایەن بووە بە مەرج بۆ ئەنجام دانی هەڵبژاردن، بەبێ ئەوەی سەرەتاکانی پاك کردنەوەی تۆمارەکە راگەیەنرابێت، یا بودجەی بۆ تەرخان کرابێت. بۆ ئەوانەی دەڵێن ئامادەین بۆ هەڵبژاردن و داوای پاك کردنەوەی ئەو تۆمارە دەکەن دەبوو هەموو رێگایەك بگرنە بەر بۆ دیاریی کردنی رۆژی هەڵبژاردن و تەرخان کردنی بودجەو پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران.

1–بە گوێرەیی یاسایی ژمارە (2)ی ساڵی ٢٠١٧، دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم دراوە بە سەرۆکی حکومەت.

---

[1]–لە بڕگەی (2) لە مادده (10) هاتووە: "دەرکردنی فەرمانێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی پەرلەمانی کوردستانی عێراق و دیاریکردنی کاتەکەی لە ماوەی پانزە ڕۆژدا لە بەرواری هەڵوەشاندنەوەی یان بەلایەنی کەم لە ماوەی شەست ڕۆژی پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردن، بەمەرجێك ڕۆژی هەڵبژاردن لە شەست ڕۆژی دوای هەڵوەشانەوەی یان شەست ڕۆژی پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردنی ڕەت نەکات".

[2]–لە ماددەی یەکەم لە یاسای درێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان– عێراق هاتووە: "خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان– عێراق، دوو خولی گرێدانی تر (دورتی الانعقاد) لەکاردا دەبێت لە بەرواری (2017/11/6)ەوە". بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوی ناوخۆیی پەرلەمانی کوردستان/ عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992 و هەموارەکانی، لە بڕگە(1) مادده (5) ئاماژە بەماوەی دوو خولی گرێدان دەدات تیایدا هاتووە:"پەرلەمان لە ساڵێکدا دوو خول گرێدەدات.......".

2–کەواتە بە گوێری یاسا دەبوایە لە 2018/3/6 بڕیاری هەڵبژاردن بدرایەو کاتەکەی دیاری بکرایە، و بودجـە تـەرخان بکرایە تا کۆمسیۆنیش کاتی هەبێت بۆ ئەنجام دانی هەڵبژاردن.

3–سەرۆکی پەرلەمان نامەی دەستلەکار کێشانەوی پێشکەش کردووە، بەگوێرەی پەیرەوی ناوخۆ دەبێـت دوای دەسـت لەکارکێشانەوە یەکسەر سەرۆکی نوێ هەڵبژێردرێت، بۆیە دانیشتنەکانی ئێستای پەرلەمان لـەرووی یاسـاییەوە بـێ بنەمایـە، جگە لەوەش ئێستا سەرۆکی پەرلەمان کاندیدە بۆ هەڵبژاردنی عێـراق کـە ئەمـەش وا ئـەکات لـە دوای هەڵبـژاردن پـەرلـەمانی کوردستان بە ناچـاری دەسـت لەکارکێشـانەوەی سـەرۆکی پەرلـەمان پەسـند بکـات، ئەمـەش دووبـارە ئەگـەری پەککـەوتنی پەرلەمان دەهێنێتە پێشەوە.

**سێیەم: لە ڕوویی سیاسییەوە:**

1–لە 2018/5/12 هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەنجام دەدرێت و دوای هەڵبژاردن حکومەتی نوێ دروسـت دەکرێت، کە دەبێت کورد هەوڵ بۆ مافەکانی بدات، لە کاتێکدا کورد لە نـاوخۆی خـۆی خـاوەنی حکومەتێکـە کـە لایەنـەکان تیاییدا کشاونەتەوەو تەنها یەکێتی و پارتی و تورکمانی تیایەو (13) پۆست بە وەکالەت بەڕێوە دەچێت.

2–لە کاتێکدا هەڵبژاردنی عێراق بەر لە کوردستان ئەنجام دەدرێت، ئەگەر کـاتی هەڵبـژاردن لـە ئێسـتادا دیـاری نـەکرێت ئەگەری ئەوە هەیە ئەو لایەنانەی دەنگیان کەم دەکەن لە هەڵبژاردنی عێراق، ئەوکات ڕێگری دروست بکەن بـۆ دیـاری کرنـی کاتی هەڵبژاردن، بە پێچەوانەشـەوە ئـەوەی دەنگـی زیـاتر بهێنێـت پەلـەی هەڵبژاردنیـەتی، ئەمـەش ئەگـەری گرژیـی نێـوان لایەنەکان زیاتر دەکات.

3–لە کاتێکدا ئەگەر کورد یەك ڕیـز نـەبێت لەسـەر بنچینەی بەرژەوەندییـەکانی خـەڵکی هـەرێمی کوردسـتان، لـە کـۆی (329) کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێـراق تـەنها (56) کورسـی بـۆ هـەرێمی کوردسـتان دانـراوە بـە کەرکوکیشـەوە، کـە (20) لایـەنی سیاسـیی لـە کوردسـتان ڕکابـەریی لەسـەر دەکـەن، بێگومـان ڕەوشـەکە لەبەرژەوەنـدی خـەڵکی کوردسـتان ناکەوێتەوە.

لەکۆتاییدا پێویستە بڵێین:

(پارتی دیموکراتی کوردستان)، کە سەرۆکایەتی پەرلەمان و حکومەت و کۆمسـیۆنی هەڵبـژاردنی بەدەسـتەوەیە، بـەپێیی یاسا دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێمیش کە پەیوەندیدارە بە دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردنەوە لەدەستی سەرۆکی حکومەتدایە، دوای ئەوەی بەڕێزیان نامەی فەرمییان لەم بارەیەوە بۆ پەرلەمان ناردووەو دوو جار لەگـەڵ پـەرلـەمان و دوو جـاریش لەگـەڵ کۆمسیۆن کۆبونەتەوە، ئاخۆ هۆکار چیە تا ئێستاش نە بودجەی دیاریکردووە بـۆ هەڵبـژاردن و نـە ڕۆژی هەڵبژاردنیشـی پـێ دیاریکراوە ! ؟

(یەکێتی نیشتمانی کوردستان) کە ڕایانگەیاندووە مەرجیان پـاك کردنـەوەی تۆمـاری دەنگـدەران و هەڵبـژاردنێکی پـاك و بێگەردە، لەهەمان کاتدا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەت و سەرۆکایەتی کۆمسـیۆن بەشـدارن، تائێسـتاش بەکردەوە هیچ هەنگاوێکیان نەناوە بۆ تەرخانکردنی بودجەی هەڵبژاردن و دیاریکردنی ڕۆژی ئەنجامدانی هەڵبژاردن.

هەریەکە لە (بزوتنەوەی گۆڕان) و (یەکگرتووی ئیسلامی) و (کۆمەڵی ئیسلامی) کە دەڵێن ئامادەین بۆ هەڵبژاردن و تاکـە مەرجیان پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەرانەو نوێنـەریان لـە کۆمسـیۆن و پەرلەمانـدا هەیـە، بـەڵام هـەنگاوی کرداریـیـان لـەو بارەیەوە نەناوە کە دەبوایە لە (2018/3/6)ەوە ڕۆژی هەڵبژاردن دەستنیشان بکرێت!

حزبە سیاسیەکانی تر کە هاتوونەتە سەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و خۆیان ئامادە کردووە کە لیستیان هـەبێت بـۆ پەرلـەمانی ئایینـدەی کوردسـتان، وەك: (هاوپـەیمانی دیموکراسـی و دادپـەروەری)، (نـەوەی نـوێ)، هـەروەها لایەنـەی

سیاسـیەکانی تـری وەك (حزبـی شـیوعی) و (بزوتنـەوەی ئیسـلامی) و (حزبـی زەحمەتکێشـان) و (حزبـی سۆسیالیسـت) و لایەنەکانی تر، هیچ هەنگاوێکی کرداری و هەڵوێستێکیان نەبووە کە کار بکەن بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی پاك و بێگەرد لەکات و ساتی خۆیدا ئەنجام بدرێت.

ئێستا کە تۆماری دەنگدەران پاك نەکراوەتەوە، پێداویستیە لۆجستیکیەکان دابـین نـەکراون، یاسـای هەڵبـژاردن هـەموار نەکراوە، بودجەی پێویست تەرخان نەکراوە، رۆژی هەڵبژاردن دەستنیشان نەکراوە، ئەگەر لەماوەی کەمتر لـە مانگێـك رۆژی هەڵبژاردن دیاری نەکرێت و بودجە تەرخان نەکرێت و ئەو هەنگاوانـە نـەنرێن، بـە دڵنیاییـەوە جـارێکی تـریش لەلایـەن هێـزە باڵادەستەکانەوە تەمەنی پەرلەمان درێژ دەکرێتەوەو هەڵبژاردنەکان دوادەخەنـەوە، یـا هەڵبـژاردنێکی بـێ سـەروبەر ئـەنجام دەدەن، بەمەش ئەم حکومەتە شکستخواردووە بـەردەوام دەبێـت، گرفـت و قەیرانـەکانی رووبـەڕووی خـەڵکی کوردسـتانیان کردۆتەوە لە بڕینی قوت و دروستکردنی دەیان قەیرانی تر درێژەیان دەبێت، لە دواجاردا ئەم حکومەتـە ناتوانێـت لەبـەردەم حکومەتی عێراقیدا مافەکانی خەڵك بەدەست بێنێت.

ئێمـە وەك رێکخراوەکـانی کۆمـەڵی مـەدەنی و رۆشـنبیران و ئـەکادیمیانی کوردسـتان، رایدەگەیـەنین کـە ئـەو رەوشـەی دەگوزەرێت، لە دواخستنی هەڵبژاردنە گشتیەکان و نەبەستنی کـۆنگرەی حزبـەکان و بەسـەر چـوونی مـاوەی یاسـایی دام و دەزگا شەرعیەکان و بوونی گەندەڵییەکی زۆر و قەیرانی دارایی دروستکراو و خراپی باری بژێویی خەڵکی کوردسـتان، لەگـەڵ ڕێڕەوی سیاسەتی دەولیدا ناگونجێت و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ بوونی گۆڕانکاریدان و ئەمەش لەگەڵ خواستی خەڵکی کوردستاندا وێك دێتەوە.

بۆیە داوادەکەین پێویستە بۆ رێزگرتن لە یاسا، بۆ پاك کردنەوەی تۆماری دەنگدەران، بۆ دروسـتکردنەوەی حکومـەتێکی نوێ، پەلە بکرێت لە دیاری کردنی رۆژی هەڵبژاردن، و هاوکات بودجەی پێویست بـۆ هەلبـژاردن تـەرخان بکرێـت بـۆ ئـەوەی کۆمسیۆن دەست بە هەنگاوە پراکتیکیەکان بکات و وەبشـتوانرێت چـاودێری و لێپرسـینەوەی کارەکـانی کۆمسـیۆن بکرێـت. ئەمەش بە تایبەت ئەرکی پێنج لایەنەکەیە کە کۆمسـیۆنیان پێـك هێنـاوەو زۆرینـەن لـە پەرلـەمان، چـونکە تاکـە بـژاردە بـۆ دەرچوون لەقەیرانەکان هەڵبژاردنێکی یاسایی پاك و بێگەردە. هەر لەم سۆنگەیەوە ئەم یاداشتە بەفەرمی ئاراستەی سەرجەم لایەنەکان دەکەین و چاوەڕێی وەڵامیان لێ دەکەین، بۆ ئەوەی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردسـتان ئاشـکرابێت کـە کامـە لایـەن پەرۆشی چاکسازی و چارەسـەرییەو بەڕاسـتی لەگـەڵ هەڵبژاردندایـەو کامـە لایەنیشـە نایـەوێت هەڵبـژاردن بکرێـت و کێشـەو قەیرانەکانی ئەم هەرێمە چارەسەر بکرێن.

لەگەل رێزدا

2018/3/18

***-ناوی رێکخراوەکان:**

1. **ئینستتیوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێیدان** ( PAY )
2. **پە یمانگەی پەرە پێدانی یاسایی** ( ILDK )
3. **ئینستتیوتی ریفۆرم بۆ گەشە پێدان** ( RID )
4. **سەنتەری پەرەرپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ** ( DHRD )
5. **رێکخراوی هاریکاری یاسایی ژنان** ( WOLA )
6. **پە یمانگەی کوردی بۆ هەڵبژاردن** ( KIE )
7. **دەزگای ستاندەرد بۆ راگەیاندن.**

8. **تۆری هاوپەیمانی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی کوردستان ( کە 27 ڕێکخراو لەخۆ دەگرێت )**
9. **تۆڕی ڕێکخراوەکانی هەڵەبجە ( کە 25 ڕێکخراو لەخۆ دەگرێت )**
10. **تۆڕی ستارت ( کە 3 ڕێکخراو لەخۆ دەگرێت )**
11. **تۆڕی لیدەر بۆ پێگەیاندنی سەرکردە ( کە 5 ڕێکخراو لەخۆ دەگرێت )**
12. **تۆڕی نەوەکانی ئاشتی ( کە 10 ڕێکخراو لەخۆ دەگرێت )**
13. **تۆڕی بونیادی ڕێکخراوەکانی گەرمیان ( کە 7 ڕێکخراو لەخۆ دەگرێت )**
14. **تۆڕی داد پەروەری بۆ بەندییەکان ( کە 7 ڕێکخراو لەخۆ دەگرێت )**
15. **ڕێکخراوی ئایدیا بۆ دیموکراسی و هۆشیاری کۆمەڵگە**
16. **ئەکادیمیایی ئینگلیزی کوردی بۆ پەروەردەو ڕاهێنان**
17. **ڕێکخراوی هەڵوێست**
18. **ڕێکخراوی کوردستان بۆ هەموان** ( KEODD )
19. **ڕێکخراوی پایتەختی ئاشتی**
20. **ڕێکخراوی ستۆپ بۆ دژە گەندەڵی** (STOP)
21. **ڕێکخراوی گەیاندن بۆ چالاکیە دیموکرسیەکان و مافی مرۆڤ.**
22. **ڕێکخراوی ماڵی سەرکەوتن بۆگەشە پێدانی تواناکان**
23. **پەیمانگای ناوین بۆ پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان** ( NIIR )
24. **ڕادیۆی دەنگ**
25. **ناوەندی نیشتمانی بۆ مافی مرۆڤ**
26. **ڕێکخراوی سکاڵا بۆ پرسەکانی ئافرەت**
27. **ڕێکخرای دیمەن بۆ پرسە کۆمەڵایەتیەکان**
28. **ئینستتیۆتی برادۆست بۆ گەشە پێدان** ( BID )
29. **ڕێکخراوی چاوی زانکۆ**
30. **ڕێکخراوی کوردۆ زانست بۆ دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ**
31. **ڕێکخراوی گەشە پێدانی ئابوری کوردستان** ( KEDO )
32. **پەیمانگای مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی**
33. **ڕێکخراوی ڕونیا بۆ هوشیاری و تەندروستی**
34. **ڕێکخراوی** ( wise ) **بۆ پەروەردەو فێرکردن**
35. **ڕێکخراوی لیزا بۆ گەشە پێدانی مرۆیی**
36. **ڕێکخراوی دەڤەری برادۆست بۆ گەشت و گوزار**
37. **ڕێکخراوی سەروەریی هەڵەبجە**
38. **ڕێکخراوی نوێ بۆ پاراستنی ژینگە و مافەکانی ژنان**
39. **ڕێکخراوی فیوچەر**
40. **ڕێکخراوی جیوگرافیای گشتی کوردستان**
41. **ڕێکخراوی بێداری**

42. ڕێکخراوی هیوا
43. ڕێکخراوی نیشتیمانی کورد
44. نوێنەرایەتی سلێمانی ڕێکخراوی سروشتی کوردستان
45. سەنتەری پەرەپێدانی لاوان
46. ڕێکخراوی کورد-ماد بۆ گەشە پێدانی کولتوری و دیموکراسی
47. گروپی دەواری خزمەت
48. ڕێکخراوی ئاراستەی نوێ
49. ڕێکخراوی پێکەوەژیان
50. ڕێکخراوی بەسە Enough
51. ڕێکخراوی پەرەپێدانی پەروەردەیی
52. ڕێکخراوی مرۆڤ دۆست بۆ گۆشە پێدانی کەلتوور
53. ڕێکخراوی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا
54. ڕێکخراوی کۆژین بۆ گەشە پێدان
55. ڕێکخراوی چاو بۆ ئازادی و مافەکانی مرۆڤ
56. ئینستتیونی لۆبی بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی
57. ڕێکخرۆای گەشە پێدانی خوێندکاران و گە نجان (SYEO)
58. ڕێکخراوی ئاینده بۆ پاراستنی ژینگە
59. ڕێکخراوی ئەمەك بۆ پرسی ئەنفال
60. ڕێکخراوی هۆشیاری کۆمەڵگە
61. ڕێکخراوی دابین بۆ گەشە پێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ
62. ڕێکخراو دوارۆژ بۆ پێگەیاندنی ئافرەتی سەرکردە
63. ڕێکخراوی پەرەپێدان بۆ تواناکانی گە نجان
64. ڕێکخراوی ئەزموون AOCD
65. ڕێکخراوی سینا بۆ توێژینەوەو پەرەپێدان
66. سەنتەری بوار بۆ توێژینەوەی سیاسی وستراتیژی
67. ڕێکخراوی فری پرێس بۆ داکۆکی و تازەگەری وراهێنان لەبواری میدیایی
68. ڕێکخراوی سێلف کەیربۆ گەشە پێدان و هۆشیاری تەندروستی
69. ڕێکخراوی دۆستایەتی بۆگەشە پێدان و هاوکاری مرۆیی
70. ڕێکخراوی ئیلهام بۆگەشە پێدانی توانای منداڵان
71. ڕێکخراوی زار بۆ بەرگری لە ئازادییەکان
72. ڕێکخراوی رایەڵ بۆ راهێنان و پەرەپیدانی مرۆیی
73. ڕێکخراوی هەڵەتی داد پەروەری
74. گروپی ئەڵوەن گرافی
75. ڕێکخراوی جەستە بەخشان لەکوردستان

76. یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی
77. ڕێکخراوی داکۆکی لەزانکۆو پەیمانگاکان
78. ڕێکخراوی دووربین بۆ پرسە سیاسی و ئابوریەکان
79. ڕێکخراوی ژینگە دۆستانی گەریمان
80. ڕێکخراوی ئاشتی و ماف
81. ڕێکخراوی سارێژ بۆ کاری خێرخوازی
82. ڕێکخراوی چاوگەی هونەری
83. ڕێکخراوی هەناسە بۆ پەرەپێدانی ژینگە
84. ڕێکخراوی شلێر بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ژینگەیی
85. ڕێکخراوی هۆشیاریی لاوان
86. ڕێکخراوی هیوای تەندروستی
87. ڕێکخراوی هاریکاری مرۆیی
88. سەنتەری کات بۆ هۆشیاری و ڕاهێنانی لاوان
89. ڕێکخراوی دەوەن بۆ ژینگە پارێزی
90. ڕێکخراوی داهێنان بۆ هەمووان
91. ڕێکخراوی ماب
92. ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان
93. ڕێکخراوی شەفافیەت بۆ دژە گەندەڵی
94. ڕێکخراوی هەوڵ بۆ لیکۆلینەوە لە دیاردەکانی تاوان
95. ڕێکخراوی چاودێر بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ
96. ڕێکخراوی ئادان بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگە
97. ڕێکخراوی کڵپە بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ (KODDHR)
98. ڕێکخراوی هزری گەنج بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ (HGODHRD)
99. ڕێکخراوی پێگەی تاک
100. ڕێکخراوی دەریاچە بۆ پاراستنی ژینگەو سامانی ئاو

***-ناوی کەسایەتیەکان:**

1. پەیمان عیزەدین- پارێزەر
2. مەسعود عبدالخالق-سەرۆکی دەزگای ستاندارد
3. د.سەروەر عبدالرحمن عمر- مامۆستای زانکۆ
4. کەمال ڕەئوف- ڕۆژنامەنوس
5. کاردۆ محەمەد- پەرلەمانتاری خولی پێشوو
6. د.خامۆش عومەر- مامۆستای زانکۆ

7. جەواد سەعید- راوێژکاری پەرلەمان
8. د.دلێر ئەحمەد حەمەد- راوێژکاری پەرلەمان
9. محەمەد شارەزوری- پەرلەمانتاری خولی پێشوو
10. جوتیار مەجید- پەرلەمانتاری خولی پێشوو
11. د.دانا سەعید سۆفی- پەرلەمانتاری خولی پێشوو
12. خەمان زرار- پەرلەمانتاری خولی پێشوو
13. رازاو مەحمود فەرەج- پەرلەمانتاری خولی پێشوو
14. شەونم محمد غەریب- پەرلەمانتاری خولی پێشوو
15. عدنان عوسمان- پەرلەمانتاری خولی پێشوو
16. کەمال چۆمانی- نوسەر و رۆژنامە نوس
17. شوان سابیر مستەفا- مافناس و چالاکوانی مەدەنی
18. هیوا عەلی- چالاکوانی مەدەنی
19. شیلان عەلی- چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
20. هێمن ئەنوەر جەوهەر- چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
21. شوخان رەزا- چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
22. ئومێد قەرەداغی- توێژەر و ماموستای زانکۆ
23. بەهرە حەمەرەش- چالاکوانی مەدەنی و رۆژنامەنووس
24. ئارێز دارا- راگەیاندنکار و چالاکوانی مەدەنی
25. فەرمان رشاد- چالاکوانی مەدەنی
26. داستان جەعفەر- چالاکوانی مەدەنی
27. ئارام سەردار- راگەیاندنکار و چالاکوانی مەدەنی
28. ڕێبین فەتاح – رۆژنامەنووس
29. یونس حەمەد- چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
30. دەرون نەجیب- چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
31. دێرین عەلی – چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
32. ئیبراهیم عەباس – چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
33. سێوە فاتح – چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
34. ئاسۆ قادر عبدالله- چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
35. جیهاد حویز محمود- چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
36. ئەحمەد جمیل کاوانی – مافپەروەر و چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
37. ئاکۆ عبدالمجید سعید- ماموستا
38. د.ئیسماعیل نجم الدین- مامۆستای زانکۆ
39. ئاسۆس نامق براخاس- مامۆستای زانکۆ
40. فارس موراد حمشین- مامۆستاو چالاکوانی مەدەنی

41.باخان جەعفەر- چالاكوانی مەدەنی
42.فتاح حسن قەلاتی- مامۆستاو چالاكوانی مەدەنی
43.كاكەزیاد حمد عبدالله – چالاكوانی مەدەنی
44.هۆگرعبدالرحمن سعید- چالاكوانی مەدەنی
45.حیسام بەرزنجی- چالاكوانی مەدەنی
46.هێمن مامند- رۆژنامەنوس و چالاكوانی مەدەنی
47.ماجد خەلیل- مامۆستای زانكۆ
48.جێگر برادۆستی- چالاكوانی مەدەنی
49.قارەمان خۆشناو- چالاكوانی مەدەنی
50.ساكار عەزیز رەشید- مامۆستای زانكۆ
51.بەهرۆز جەعفەر- چالاكوانی مەدەنی
52.ئەحمەد كاوانی- پارێزەر
53.سەردار عەلی حسین-مافناس
54.سەعید مەولود- مامۆستای زانكۆ
55.ناجی عومەر اسماعیل- چالاكوانی مەدەنی
56.لێزان ابوبكر- چالاكوانی مەدەنی
57.فەریدە فەرهاد- مافپەروەر و چالاكوانی مەدەنی
58.رێژنە مجید- چالاكوانی مەدەنی
59.رێبین سەباح- پارێزەر و چالاكوانی مەدەنی
60.بابان جەعفەر- چالاكوانی مەدەنی
61.م.سرتیپ خالص حسین- مامۆستای زانكۆ
62.م.خۆشی عوسمان عبدللطیف- مامۆستای زانكۆ
63.د.حسین شفیق حسین- مامۆستای زانكۆ
64.م.رێژین غریب نوری- مامۆستای زانكۆ
65.م. شوان اسعد قادر مصطفي- مامۆستای زانكۆ
66.م چرۆ عیمان عبداللطیف- مامۆستای زانكۆ
67.د كاوان صلاح الدین عثمان- مامۆستای زانكۆ
68.م.گۆنا عوسمان فارس- مامۆستای زانكۆ
69.م.شاكر محمود احمد- مامۆستای زانكۆ
70.بەناز حمە رشید حسن-مامۆستای زانكۆ
71.ئاراس مسعود اسماعیل- مامۆستای زانكۆ
72.د.سەباح محمد بەرزنجی- پەرلەمانتاری خولی پێشوو و مامۆستای زانكۆ
73.نزار لەتیف ئەحمەد- مامۆستای زانكۆ
74.لانە عبدالحمید محمد نوری- مامۆستای زانكۆ

75.ریباز کەمال غەریب- چالاکوانی مەدەنی
76.سەروەت محمد عبدالکریم- چالاکوانی مەدەنی
77.قەیسەر رەحمان- چالاکوانی مەدەنی
78.ئیقبال غەفار- چالاکوانی مەدەنی
79.فەرهاد قادر- چالاکوانی مەدەنی
80.جەوهەر عەزیز- چالاکوانی مەدەنی
81.مەهدی عمر سالح- مامۆستای زانکۆ
82.هیمن حسن محمد- مامۆستای زانکۆ
83.هەڵەت رشید عبدالله- مامۆستای زانکۆ
84.دیمەن ئەحمەد سەعید- مامۆستای زانکۆ
85.دیلان جەمال قادر- مامۆستای زانکۆ
86.فریاد مەعروف محمد- پارێزەر
87.د.قارەمان نادر- مامۆستای زانکۆ
88.زانا تەیفور- مامۆستای زانکۆ
89.د.هۆشمەند عەلی مەحمود- مامۆستای زانکۆ
90.د.ئاری ئەنوەر زبیر- مامۆستای زانکۆ
91.عەلی ئیلنجاغی- پێشمەرگەی دێرین
92.حاکم پێشرەو سەید برایم- پێشمەرگەی دێرین
93.د.ئەکرەم خامۆش- مامۆستای زانکۆ
94.هونەر فازل رشید- مامۆستا
95.سەرکەوت هادی حمە کریم- پێشمەرگەی دێرین
96.عفان محمود احمد- مامۆستا
97.هاوڕی محمد رسول- مامۆستای زانکۆ
98.زەینەب عمر حمە احمد- مامۆستای زانکۆ
99.شاکار نوری- رۆژنامە نوس
100. خێلان حسین- چالاکوانی مەدەنی
101. نیان حکیم اسماعیل- مامۆستای زانکۆ
102. شیلان ئارام ئەکرەم- مامۆستای زانکۆ
103. جعفر حمە ئەمین- پێشمەرگەی دێرین